# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## گایل !

تێکەڵەی هەندێ وشە و زاراوەی زمانە بیانیەکان لەسەر دەمی نەوەکانی دەرەوە بۆ دەمگۆی زمانی کوردی دیاردەیەکی بەرچاوە لەناو هەر ڕستەیەک لەکاتی دوانیان هەستیان پێ دەکرێ جار جارە لەبێ توانایی دەربڕینە هەندێ جاریش ڕاهاتن و سانایی واتا گەیاندنە گەلێ خانەوادەش بۆ خۆهەڵکێشان منداڵەکانیان بەو وشانە ڕادەهێنن تابڵێن: ئەرێ ئێمەش ئەوروپینە ! گایل وشەیەکە بەئەڵمانی لەوکاتانە دەگۆترێ کە مرۆڤ سەرسام دەبێ وەك بڵێ ی زۆر جوانە ! دەسخۆش ! ئەوجا کوردانە قسە قسەی ڕادەکێشی ... باوکێک لەکوڕەکەی خۆی دەپرسێ: ها مامەت چۆن بینی ؟ دوای ئەوەندە ساڵە لەهەندەران گەڕاوەتەوە هیچ گۆڕانی تیا بەدی ناکەی ؟ کوڕەی کوردستانیش تەماشایەکی مامی دەکا دەڵێ: نەوەڵا ، هیچ نەگۆڕاوە تەنیا ئەوەنەبێ لەدوای ڕاپەڕین کە لەپێشمەرگایەتی گەڕایەوە هەر قسەیەکم بۆ دەکرد ، فێرببوو بەسەرسوڕمانەوە درێژی دەکردەوە دەیووت: حـــــەلـلـەلا ! ئێستاش گۆڕاوە هەر قسەیەکی بۆ دەکەم ئەڵێ: وواووو ! ئینجا ناونیشانەکەی ئێمەش ( گایل ) شتێکە لەنزیکی وواوەکەی ئەو مامە هەندەرانی یە . تەقڵەبازی کەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان لەکوردساتەوە بۆ کەی ئێن ئێن ، لەگەلی کوردستانەوە بۆ کوردستان تیڤی ، لەزاگرۆسەوە بۆ کورد یەک و .... تا دەگەیشتە شیرەشیرِی ئەلعەربیە و حەپە حەپی زەنگە زەنگەی ئەلجەزیرە ، لەژێر پەنجەی بابە لەو شەوە نەسرەوتە حەسرەتیە پڕ دڵەڕاوکێ و ڕاڕایەی هەندەران چاوتروکەیەکی چەسپانی دوگمەی کۆنترۆڵەکەیە . باوکە لەلایەک پەشیمانە خۆی دەنگی بەلیستی گۆڕان داوە لەلایەکی تر ژنەکەی دەنگی بەهاوپەیمانی کوردستان داوە ! شەیدای هەواڵ و گەرمەباسەکانە ، دژواری باری کوردستان ، نادیاری

ئاسۆی ڕەوشەکە لەخۆپیشاندان ، شەڕەبەرد و ئاگرکەوتنەوە ، برینداربوون یا کەوتنی ئاسایش و هاولاتیان لەگەڵ هاژوو هوژی ترومبێلەکانی فریاکەوتن و بەهاناهاتن بەتایبەت سلێمانی نائاسودەی کردیە ، سەرڕا پەرێشانە کە هەرلایەنەی خاوەن کەناڵ ئاشی خۆی دەگێڕی چاک و خارپ دەشێلێ خۆی پێ ڕەوایە جەماوەریش دەگەوجێنێ تاسەر ئێسکان نارەوا . دۆخەکە ڕوو لەپەشۆکانە مەترسی ناخۆشتربوونی لێ دەکرێ ڕەنجی خەباتی چەند ساڵەی گەلەکەمان زیانی پێ بگات ! کوڕەی هەندەرانیش هەرزەیەکی خوێن گەرم تابلێ گورج خێرا کاردەرەوەی دیمەنەکانە جار جارە لەگەڵ بابی سەیری تەلەفزیۆنەکەی دەکرد ، نەیدەتوانی باش تێبگا باوکی بۆ وا نائارامە ! بێ تێگەیشتن بەحەزێکی خۆڕسکیش وەک هەندێ لەو گەنجانەی بێ ئامانج چوونەتە ناو هەلایەکە بەشەڕەبەرد و فیکە ، لێدە و هەرێ هاتەکەی زمانی زەبروزەنگ دەجۆشرا هەر کە دیمەنێکی وێنەی لێدانی ئاسایشەکان کە وەک سەلکی کافریان لێهاتبوو لەبەردەستی بەرداوێژی گەنجەکان لەگەڵ جوێن و جوڵەی سەمەرەی حینگان داوێن وەک حەزبکا ئەویش لەوێ بێ هێزی خۆی تاقی بکاتەوە و بەتاڵی بکا بەئارەزووی خۆی چەند بەردێ بهاوێژێ گرینگ نی یە بەرکێ دەکەوێ ( بابی دەتاساند ) لەبن زگیەوە بەپێسوڕمانەوە هاواری دەکرد: گایل !

دلشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com